١٢.٠٣،٢٠١٢

بۆ/ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
بۆ/ پارلەمانی ئوروپا
بۆ/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ
بۆ/ CPT
بۆ/ ڕێکخراوی چاوەدێرانی مافی مرۆڤ
بۆ/ مانگرتوان لە شاری ستراسبۆرگی فەڕانسا

گەلی کورد مێژوویەکی سەخت و خوێناوی ژیاوە و دەژی، ئاکاری سەرەکیی ئەم مێژووە ئینکارکردنی مافە سیاسی و کولتوری و ئینسانییە هەرە سادەکانی میللەتی ئێمەیە. بەپێچەوانەی هەموو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەپێچەوانەی پرنسیپە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤەوە، تا ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بەدەست بێمافییەکی ترسناکەوە دەناڵێنێ. لە ئێراندا ژمارەی ئەو کوردانەی لەسەر داواکاریی مافە سیاسی و کولتورییەکانیان لەسێدارە دەدرێن، دیاردەیەکی ڕۆژانەیە و بەردەوامیش ڕووی لە زیادبوونە. زیندانەکانی تورکیا تا دێت زیاتر پڕدەبن لە منداڵانی کورد، بەجۆرێک پێناچێت لەهیچ شوێنێکی دونیادا ئەو هەموو منداڵە زیندانیکرابن وەک لە تورکیادا. هەروەها گرتن و زایندانیکردنی سەدان ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتار و چالاکوانی بواری بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ رووی لە زیادبوونە. ئەمە جگە لە پەلاماردنی خەڵکی مەدەنییەوە لەژێرناوی بەگژاچوونەوەی تێرۆر و تێرۆریزمەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لەو دووبەشەی کوردستاندا ڕوودەدات ڕۆژە ڕەشەکانی پەلاماری کوردەکانی عێراقمان بیردەخاتەوە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەدام حوسەیندا.
ئەمڕۆ خەڵکی کورد لە تورکیادا لەبەردەم هەڕەشەیەکی هەمەلایەنی دەوڵەتی تورکیدایە. ئەم دەوڵەتە هەموو ماشێنە سەربازییەکەی خستۆتەگەڕ بۆ پەلاماردانی خەڵکی کوردستان و درێخیش ناکات لە گرتن و ڕاونان و کوشتنی ئەوانەی دەوێرن داوای مافە ئینسانی و سیاسی و کولتورییەکانی میللەتی ئێمە بکەن. خواستی ئاشتیخوازیی گەلی کورد لەو بەشەی نیشتیمانی ئێمەدا بە گولە و بۆمب و ژەهر وەڵام دەدرێتەوە. ئەوەی دەوڵەتی تورکی ئەمڕۆ بەرامبەر بە کورد دەیکات، دەمانباتەوە بۆسەر هەمان ئەو کولتوری ئینکاریکردنە ناسیۆنالیستییە توندڕەوەی میلەتی ئێمە کە بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی دەوڵەتی تورکییە لە سەدەی بیستەمدا. ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی تورکیا هەموو ئیدیعایەکی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ گەشەدان بە کولتوری دیموکراسییەت و ڕزگاربوون لە دەرکەوتە توندڕەوەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی دەخاتە ژێر گومانەوە.
ئێستا هەڵوێستی ئێوەی مانگرتوان لە شاری ستراسبۆرگی فەڕانسا کردەوەیەکی بوێرانەیە کە دەنگی ناڕەزایەتی گەلی کورد بە گشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی بە گوێی رای گشتیی جیهان و دەسەڵاتدارانی جیهان و هاوپەیمانانی تورکیا دەگەیەنن و لەناو بێدەنگیی ئەواندا هاواری مافخوازیی هەڵدەبڕن. داوای ئەو مافانە دەکەن کە بەشی هەرەزۆری دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی دونیا بە مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤی دەزانن.
ئێمە کۆمەڵێک نوسەر و شاعیر و هونەرمەند وێڕای شەرمەزارکردنی توندی هەڵسوکەوتی حکومەتی تورکیا پشتیوانیی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین و دەنگمان دەخەینە پاڵتان، بەڵام هاوکات پێموانوایە نابێ چالاکی مانگرتنی ئێوە بگاتە ئاستێک کە ژیانتان بخاتە مەترسییەوە و کارەساتی دڵتەزێنی لێبکەوێتەوە. هەروەها داوا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پارلەمانی ئوروپا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، (CPT) و چاوەدێرانی مافی مرۆڤ دەکەین کە لە ئاستی ئەو هەمووە کردەوە نامرۆڤانەیەی بە دژی گەلی کورد دەکرێت بێدەنگ نەبێ و هەنگاوی خێرا و پێویست هەڵبگرێت.

ناوەکان:

١. ڕێبوار سیوەیلی، نوسەر و مامۆستای زانکۆ، هەولێر/ ئێراق
٢. مەریوان وریا قانیع مامۆستای زانکۆ، زانکۆی ئەمستردام
٣. ئەنوەر سوڵتانی – نوسەر و توێژەر، بریتانیا

٤. شیرکۆ بێکەس، شاعیر، سلێمانی/ ئێراق
٥. ئانتۆنیۆ شیتۆ (تۆنی شیتۆ) هونەرمەند، ئیتالیا
٦. عەدنان کەریم – هونەرمەند، سوئێد
٧. دڵشاد مستەفا – خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی سینەما، زانکۆی سالفۆرد، بریتانیا
٨. ئاسۆ جەبار- نوسەر، ئەمریکا
٩. دکتۆر سەربەست نەبی – نوسەر و مامۆستای زانکۆ، هەولێر/ ئێراق
١٠. نەوزاد جەماڵ- نوسەر و مامۆستای زانکۆ، هەولێر/ ئێراق
١١. قوباد جەلیزادە - شاعیر، سلێمانی/ ئێراق
١٢. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە - شاعیر و نوسەر، نۆروێژ
١٣. تارا جاف – هونەرمەند، بریتانیا
١٤. ڕێبوار سەعید، هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ، سلێمانی
١٥. محەمەد ڕۆستەمزادە (نامۆ)، هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ/ هەولێر
١٦. ئازاد ڕەئوف قەزاز، نوسەر و تیرابیست ، هۆلەندا
١٧. ئاسۆس هەردی، نوسەر و ڕۆژنامەنووس، سلێمانی
١٨. ڕەئوف بێگەرد، چیرۆکنووس، سلێمانی
١٩. میدیا بێگەرد، ئەکتەر، دانمارک

...........................................................................................